**فایلی ئەنفال**

بەشی دوو

# سەبارەت بە سەرەتاکانی ئامادەسازی بۆ پرۆسەی دادگاییکردنەکەی فرانس فان ئانرات

**ئامادەکردنی: ڤینۆس فایەق**

- عەلی سیاسی: تەلەفزیۆنەکان ،هەواڵەکانیان وەك خۆی بڵاو ناکەنەوە , هەوڵیان دەدا ڕۆڵی چاك کەمتر لەوەی هەیە نیشان بدەن.
- پەیوەندیمان بە مەکتەبی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە کرد ، داوای کۆمەکی مادیمان کرد وەلأمیان نەدایەنەوە.
- جگە لە مەڵبەندی ئەوروپای ینك و بەڕێز نەوشیروان مستەفا و پەرلەمانی کوردستان کەسی دی وەلأمی داوای کۆمەکی نەداوینەتەوە.

تێبینی: ئەم بەشەی ئەم ریپۆرتاژە لە ژمارە 180ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) رۆژی سێشەممە 10ی نیسانی 2007 بلأوبۆتەوە..

عەلی سیاسی یەکێکە لەو کەسایەتیانەی چالاکانە بەلأم وەکوو سەربازێکی ون و، هەمیشە لە دواوە و بە بێ ئەوەی کەس بە رۆڵی گرنگی بزانێت ، رۆڵی لە ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال بە ناوەندە جیهانیەکان ، لەگەڵ ئەوەشی وەك خۆی ئەڵێت زمانی هۆڵەندیش نازانێت و تەنها کوردی ئەزانێت ، کەچی کۆڵنەدەرانە بەملاوبەولا پەیوەندی دەکات بە هەموو ناوەندەکانەوە ، بۆ سازادنی چالاکی و کۆڕ و کۆبوونەوە و، بانگهێشتکردنی نووسەر وتایەبتمەند و شارەزای نەك کورد ، بەڵکە عەرەب و هۆڵەندی ، هەروەها بەوەشەوە نەوەستانە بەخۆی خێزان و منداڵەکانیەوە هەمیشە ئامادەن لە هەموو رێپێوان و خۆپیشاندانەکانی ساڵانە بۆ یادی ئەنفال و هەموو یادەکانی تری نەتەوەیی و کۆمەلأیەتی رەهەندی کورد لە ولأتی هۆڵەندا..

عەلی سیاسی بە خۆی لە رێگەی رێکخراوی (چاك)ەوە رۆڵێکی ئێجگار گەورە و بەهێز دەبینێت ئەم رۆژانە لە دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکەی (فرانس فان ئانرات) کە تاوانبارە بە فرۆشتنی مادەی کیمیایی کە راستەوخۆ ئەچنە پێکهاتەی دروستکردنی غازی ئەعساب و خەردەل کە ساڵی 1988 رژێمی عێراق بەکاری هێنا بۆ بۆردومان کردنی شاری هەڵەبجە و گەلێ شاری تری خوارووی کوردستان و، هەروەها لە گەلێ ناوچەی خۆرهەلأتی کوردستان بەکاری هێنا لە کاتی شەڕی عێراق ئێران..

عەلی سیاسی بە بێدەنگی کار دەکات ، بەلأم کارەکانی خۆی رێکخراوی (چاك) دەنگیان بەرزە و ئاشکرا دیارن.. بەباشمزانی بەناوی رۆژنامەی کوردستان راپۆرتەوە چەند پرسیارێکی لێبکەم سەبارەت بە سەرتاکانی دەستپێکرانیان لەگەڵ دادگاییکردنەکەی تاوانبار (فرانس فان ئانرات) ، کە بەم شێوەیە وەلأمی دامەوە..

دیمانە: ڤینۆس فایەق

1- ئەگەر بکرێت باسی سەرەتای دەستپێکردن بە پرۆسەی دادگاییکردنە بکەیت؟

وەلأم : سەرەتا من بۆخۆم چاودێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵەندی ناکەم چونکە زمانەکە نازانم , ڕۆژێك لەخەو هەڵسام چووەمە سەر سایتە کوردییەکان , هەواڵێکم لەسەر ئانرات خوێندەوە , وابزانم کاك کامەران ئەحمەد سلێمان نوسیبوی و بلأویکردبووەوە , یەکسەر هات بە مێشکمدا دەست بەکاربین , بەلأم چاك 100 دۆلاری نەبوو , بۆیە بەس وەك خەیاڵێك بە مێشکمدا گوزەری کرد و بیرەکە جدی نەبوو بەلامەوە , بۆ ئێوارە برادەرێك بەناوی کاك ئەحمەد شێخ سدیق لە شاری ئارنهێمەوە بە حەماسەتێکی کەم وێنەوە تەلەفۆنی بۆمکرد , وتی کەسێك وا لە هۆڵەندا هەیە بۆ

نەیدەینە دادگا , منیش لە وەڵامدا باسی بێ پارەییم کرد , وتی خەمت نەبێت ئێمە وەك هەڵەبجەییەکان کۆمەك کۆدەکەینەوە , منیش وەك کوردەکە دەڵێت غیرەت گرتمی , وەلێ بەشداری کاك ئەحمەد لە دادگاییەکە هەر ئەوەندە بوو , هەرچەندە ئەوەندەکە مێژوییە ئەگەر ڕاستگۆیانە بینووسینەوە , چونکە قازانج باوکی زۆرەو کەس لە بەرهەمەکەی شەریك ناکرێت , بەڵام خێزانەکەی کاك ئەحمەد کاتێك من سەفەرم کردبوو زۆر هاوکاری کاك ئەمیری کردبوو , دوای تەلەفۆنەکەی کاك ئەحمەد تەلەفۆنم هەڵگرت لەگەڵ کاك عەلی ڕەحیمی قسەمکرد , ئەویش زۆری پێخۆش بوو زۆر هانی دام , ئەوجا تەلەفۆنم بۆ کاك ئاسۆ گەرمیانی کرد لە ئەمستردام کە سایتی ئەنتەرنێتی چاکی بۆ بەڕێوەدەبردین و پێشتر دووجار سمیناری لەگەڵ بەڕێز هاری ڤان بۆمڵ لە پاڵتاك بۆ ڕێکخستبووم , چونکە هەواڵەکە پاش موداخەلەکەی خاتوو کریستا لە پەرلەمان لە ڕاگەیاندنی کوردی بڵاو بوەوە هەردووکیان سەر بە پلرتی سۆسیالستن , وا بزان هەواڵە کوردییەکەش خۆ لە ئەرشیفدا ماوە ئەگەر خۆمان ماندوو بکەین هەرلەسەر موداخەلەکەی خاتوو کریستا بوو , بەڵام کاك ئاسۆ لە ماڵ نەبوو , ژنەکەی ڕوسییە بە کوردییەکی سەقەت وتی دوای سەعات 10 دێتەوە , ئەوجار تەلەفۆنم بۆ کاك ئەمیر قادر کرد , ئەویش لە ماڵ برادەرێکی بوو بەناوی کاك عەلی ئیسماعیل لە شارێکی دیکە , بۆ ماڵ کاك عەلیش تەلەفۆنم بۆکرد , لە گەڵێدا مەسەلەکەم باسکرد , بە گەرمی هاتە پێشەوە , وتی باشە سبەی لەگەڵ پارتی سۆسیالست قسە دەکەم و جەوابت لێدەگێڕمەوە , شەوی دواتر کە تێلم بۆیکردەوە , وتی کاری زەرورم هەبوو ئەمڕۆ , بەڵام بە مسۆگەری سبەی پەیوەندی دەگرم , کە سبەی پەیوەندیگرت وتی : کەسانی دیکەش هەیە بە دوای ئەو کارەوەن لە ڕێگەی پارتی سۆسیالستەوە دەیان دۆزینەوە , ئەو کەسانەش کاك عەگید و بەڕێز مارتین بوون , سەرباری پارتی سۆسیالست , بەڵام لەو کاتەدا بانگەوازێك دیکەش بڵاوکرایەوە بە هەمان ناوی کۆمیتەی دادگایی ئانرات , دواتر کە بە بانگەوازێك داوای یەکگرتنمان لێیانکرد , دیاربوو جدی نەبوون نەمان زانی کێن و چ کارەن دەنگیان نەبوو , ئیتر ئێمە دەست بەکار بوین ئەو کۆمیتەیە وابزانم لە 18-9-2003 ئەگەر هەڵە نەبم ڕاگەیەنرا .

پاش دۆزینەوەی ئەو بەڕێزانە , کاك ئەمیر وتی کۆبونەوە دەکەین تۆش وەرە , وتم کاکە من هۆڵەندی نازانم و خۆت نوێنەر بە , ئیتر پارێزەر دۆزرایەوە کە وابزانم کاك عەگید پارێزەرەکەی دابینکردبوو , یارمەتی بۆ کۆکرایەوە لە سەرەتاوە بەڕێز مارتین , پارتی سۆسیالست زۆر جوامێرانە هاتنە پێشەوە , هەنگاوی دواتر وتیان دەبێت سکاڵاکەر پەیدا بکەین , وتم باشە من و کاك عەلی و دانیا خان , وەك شایەدی هەڵەبجە و سەردەشت و گۆپتەپە , بە وتەی داواکاری گشتی کەسی خەڵکی فەرجینیش پەیوەندی بە دادگاوە کردبوو , ئەمە چیرۆکی دەستپێیکی بەشداری چاك بوو لە پرۆسەی دادگاییەکە , بەڵام دەمەوێت چەند ڕاستییەك ڕونبکەمەوە , ئەویش :

- پێش ئێمە کەسانی دی ئەو هەوڵەیان داوە لە ناویانا کاك عەگید کورد بوو لەگەڵ مارتین و پارتی سۆسیالست , بەڵام بەشداری ئێمە پەیداکردنی سکاڵاکەر و پەیوەندی بەستنی لەگەڵ جالییەی کورد بەهێز کرد , تەنانەت شایەد حاڵی زۆرمان لە کورد و عەرەب بۆ دادگاییکە دۆزییەوە .
- دوای بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنی ئانرات لە گەڵ تیڤی نێت وێرك وەك وزارەتی داد بڕیاریان داوە دەست بەکاربن بۆ دادگاییکردنی ئانرات , بە پێی وتەکانی بەڕێز فرێد تەیفن داواکاری پێشووی دۆزەکە , بۆیە ئێمە بەشداریمان کرد لە دادگاییەکە وەلێ هەموو شتێك نەبووینە , ڕاگەیاندنی هۆڵەندی , وزارەتی دادی هۆڵەندی و شەخسی فرێد تەیفن , پارتی سۆسیاستی هۆڵەندا بەتایبەت پەرلەمانتار خاتوو کریستا , بەڕێزان مارتین و عەگید , سەرباری ڕۆژنامەنووس ئارنۆڵد هەموو لە پێش ئێمەوەن , وەلێ ئێمە لە هەمووان ماندوتر بووین دواتر بە کەیسەکەوە بە تایبەت کاك عەلی ڕەحیمی و کاك ئەمیر و من , وەلێ قارەمانی سەرەکی سکاڵاکەرانن , دانیا و مام قادر , ڕێباز و .... , نابێت ئەوەش لە یاد بکەین ئەوەی فلسێکی دابێت , یان کۆیکردبێتەوە , یان هاتبێتە بەردەم دادگا , یان پەڕە کاغەزێکی دابێت بەشدارە لە دوورینەوەی ئەو دەسکەوتە , من ناتوانم ناو کەس بهێنم چونکە کەسەکان زۆر

زۆرن , تاوانبار دەبم ناوی برادەرانی خۆم ڕیز بکەم , خەڵکانی دیکەش لە بیربکەم , با ئەوە بەجێبهێڵین بۆ ئەرشیفی چالاکییەکان کە وێنەکانیان پارێزراوە  لە گەڵ ایستی کۆمەکەکان و ئەوانەی هاوکاری دادگایان داوە , یاخود پەیوەندییان کردووە .

2- لە سەرتادا کێ دەستی یارمەتی بۆتان درێژکرد؟ (ئێوە وەکوو چاك)

وەڵام : خەڵك وەك جەماوەر , سکاڵاکەران لە گیرفانی خۆیان دەهاتن بۆ دادگاییەکە دانیا و عەلی ڕەحیمی , هەموو ئەوانەی لەبەردەم لێزمەی باران ئامادەی دادگاییەکە بوون , کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وێنەکانیانی بڵاو کردەوە , ئەوانەی هانیان دەدایین , ئەوانە وزەی کارەکە بوون .

3- هەڵوێستی حیزبە کوردستانیەکان چۆن بوو لەسەرەتادا؟

وەڵام : هەوڵوێستی فەرمی حیزبی ڕوون نەبووە و کەسیش دژایەتی نەکردووین , هیچ کاتێك پارتێك بەفەرمی دژایەتی نەکردووین تەنانەت بۆچونی واشیان نەبووە , دەیان توانی موداخەلە بکەن و ئاڵۆزی بکەن بەڵام نەیانکردووە ئەمە ڕاستییە , بەڵام وەك تاك بە کۆمەڵ بەشدارییان کردووە لە خۆپیشاندانەکان بەردەم دادگا و هانیان داوین , ڕاگەیاندنەکانیان ئامادەی دادگاکە بوونە , هەرچەندە جگە لە ڕۆژ تیڤی تەلەفزیۆنەکان دی ،هەواڵەکانیان وەك خۆی بڵاو ناکردەوە , هەوڵیان دەدا ڕۆڵی چاك کەمتر لەوەی هەیە نیشان بدەن , چونکە ناڵێم ئێمە هەموو بووین , بەڵام بەشێك بووین لە پرۆسەکە , بە تایبەت لە پەیوەند بە کوردەوە .

4- کەس هەوڵی نەدا کێشە و تەگەرەتان بهێنێتە ڕێگە؟

وەڵام : نا , تەگەرە خستنە بەردەم کاری وا گەورە سانا نییە وە نەشکراوە ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین , ئاخر بۆ تەگەرە بخرێتە پێش , ئەگەر بیانویستایە دەکرا , دەشیان توانی , یەك سکاڵاکەر یاخی بێتەوە پارێزەرێکی دیکە داخل بە دادگاکە دەبوو , ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە بەهێزن لە کوردستاندا هەموو شت دەتوانن بکەن , ئەوان متمانەیان هەبوو دۆزەکە بەرەو حیزبێکی دیکە نابردرێت  , من بۆخۆم دژ بەوەشم لە دوای بردنەوە بکرێتە  فەزڵێك بەسەر خەڵکەوە , چونکە فەزڵ هەر بۆ قوربانیانە , ئەوانەی ئازاریان چەشت بەدەست بۆمبەکانی ئانراتەوە  , ئەوانەی ماڵەکانیان خاپوورکرا , ئەوانەی لە سێدارەدران , ئەوانەی لە ژێر گۆڕە بە کۆمەڵەکاندان .

5- هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن بوو؟

وەڵام : حکوومەتی هەرێمی کوردستان نامەمان بۆیان نووسی , وەڵامیان داوینەتەوە بە تەلەفۆن لە مەکتەبی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە , کە داوای کۆمەکی مادیمان لێیان کردبوو , بە داخەوە هیچ کۆمەکیان نەکردین , نامەمان بۆ هەموو دەست ڕۆیشتووان کوردستان نووسینی , هەر خۆم 16 نامەم بۆیان نووسی جگە لە مەڵبەندی ئەوروپای ینك و بەڕێز نەوشیروان مستەفا و پەرلەمانی کوردستان  وەڵامیان نەدراینەوە , هەرچەندە کەسانی ناو ینك و حشك کۆمەکی چاکیان کردووە وەك ڕێکخراو بە ناوەندی چاك , ئەوە لەبیر ناکەین .

6- هەڵوێستی حکومەتی عێراقی؟ ئایا قسەتان لەگەلیانْ کردووە؟

وەڵام : نەخێر هیچ قسەمان لەگەڵیاندا نەکردووە , نازانم لەگەڵ کێ قسە بکەین , ئایا دەتوانرێت لەگەڵ ئەو فەوزایە قسە بکەین کە ناوی حکوومەتی بەغدایە , هەروەها  مەگەر کورد بۆ خۆی بەشێك گرنگ نییە لە حکوومەتی بەغدا , ئایا ئەوان دۆزی ئانراتیان نەبیستووە ؟ , دەشیا خۆیان بکردایە بە خاوەندی , دیارە دەوڵەت هەموو کات دەتوانێت

پەیوەندی بە دادگاوە بکات و هاوکاری بکات , بیانویستایە دەیانتوانی شتی گەورە بکەن , ئەوان موداخەلەیان بکردایە وەك دەزگا کێ گوێی لە ئێمە دەگرت , لە نەبونیا ئێمە هەبووین .

7- دۆکومێنتی زۆرتان هەتا ئیستا دەستکەوتووە و زۆریشتان بۆ دادگا بەرزکردۆتەوە ، ئەکرێ باس لە چۆنیەتی دەسکەوتنی ئەو دۆکومێنتانەمان بۆ بکەیت؟

وەلام : ئەو دۆکۆمێنتانە هەموو بە شەخسی کۆکراوەتەوە , لە رێگای پەیوەندی شەخسیدا بووە , بەلێ ئێستا کەم دۆکۆمێنت هەیە لەسەر ئەنفال و کیمیاباران کۆپییەکی لە دادگا نەبێت , سەرباری ژمارەیەکی زۆری بەلگەنامە لەسەر گۆڕینی ناسنامەی هاوولاتیان و داگیرکردنی زەوی و زاری هاوولاتیانی کوردی ناوچەی داقوق و کەرکووك و پرۆسەی خاپوور کردنی گوندەکانی پارێزگای کەرکووك , دەتوانم ناوی ئەم بەرێزانە بهێنم کە هاوکاری چاکیان کردووە بە دەستخستنی ئەو دۆکۆمێنتانە , چونکە زۆربەی زۆری لە رێگەی منەوە بووە : "حاکم عارف , حاکم هاوار حەمە خورشید دۆکۆمینت لەسەر ئانرات , کە زۆر زۆر گرنگ بوون " پارێزەر گۆڤەند بابان , ئەمیر خواکەرەم , لەتیف فاتیح فەرەج , شوان داودی , تەلەفزیۆنی ئازادی و تەلەفزیۆنی کەرکووك .

هەروەها وا خەریکم ئامر قەبزی دادگای عێراقی کە داواکراوە لە پۆلیسی ئەمنتزۆپۆل ئانرات بگرێت بگەیەنم بە دادگا , ماوەیەکە هەوڵی بە دەست خستنی دەدەم . ئەو دۆکۆمێنت و فلیمانە لە دادگا و ئارشیفدا دەمێنن , دەبنە بەشێك لە دۆزەکە , بۆیە چەندە ئەرشیفەکەی دەوڵەمەند بێت بۆ پرسەکە باشتر دەبێت .

8- ئەو دۆکۆمێنتانەی لەسەر ئانراتن ,گرنگی زۆری پێدرا لە راگەیاندنی هۆلەندی , چۆن دەستتان کەوت .

وەلام : پێشتر من بیستبووم کە بەلگەنامە لەسەر ئانرات لە دادگای عێراقی هەیە , کە چوومەوە زۆری بەلگەنامەکانم پەیدا کرد , وەلێ کە گەڕام ئەوەی تیا دەرنەچوو , لە دولیدا زیاتر لە 1 مانگ رۆژی وا هەبوو حاکمکەکانم لە خەو هەلدەستاند , خواردن و خەو و کۆبونەوەم لێیان حەرامکرد , رۆژی چەند جار جەرەس و مەسیجم بۆیان دەنارد , ئەوانیش کێشەی خەتی ئەنتەرنێتیان هەبوو , تاکو بەدەستم گەیشت شەیتان شەقی برد , خۆم چەندە منجرم لەو کارانە لەوەدا زیاتر ئیزعاج بووم , لێرەوە داوای لێبوردنیان لێ دەکەم , دەزانم ئێستا ئەوانیش بەختیارن چونکە بەشداری کارێکی گەورەیان کردووە , وەکو ناوەندی چاك پێشکەش بە دادگام کرد , لەبەر ئەوەی دادگا بەلگەنامەی کەمی هەبوو لەسەر ئانرات لە بەغدا , بۆیە گرنگی زۆری لەسەر رەوتی دادگاییەکە دەبێت , دوای ئەوەی زانیم زۆر کاریگەرە دلم زۆر ئاسوودە بوو , من لێرەوە سوپاسی ئەو بەرێزانە دەکەم لە بەغداوە ئەو هاوکارییەیانکردین , ئەوانەی وشەیەك کوردی نازانن , بەو کارەشیان بوونە بەشێکی گرنگ لە سەرکەوێنەرانی پرسەکە .

9- ئەکرێ بلێین ئەمەی ئێوە پێی هەلدەستن لە دادگاییکردنی تاوانبار فرانس فان ئانرات کاری حکومەتی کوردستانە؟ ئایا بۆچی حکومەتی هەرێم هیچ لەو ئەرکانە ناگرێتە خۆی بە شێوەیەیکی رەسمی؟

وەلام : ئەوە لە بێدەربەستەبوون و درك نەکردنیانە بە گرنگی کارەکە , من حەز دەکەم هەموو جارێك ئەوە دووبارە بکەمەوە , ئێمە بەشێکی بچووکین لەم دادگا گەورەیە , هاوکاریکەرین نەك یاریکەری سەرەکی , چونکە ئەم دادگایە زۆر گەورەترە لەوەی ئێمە باسی دەکەین , هاوکات بریارەکانی کۆتایشی زۆر گەورە دەبێت , پرسی ژینۆسایدکردنی کورد دەکاتە پرسێکی جیهانی گەورە . ئەگەر حکوومەتی کوردستانیش ئەوکارەی نەکردایە دەیتوانی زۆر موداخەلە بکات , هاوکاریکەر بێت , بەردەوام نوێنەرانی لەگەڵ قوربانیان بێت , وەرگێڕ دابین بکات , پارەی پارێزەر دابین بکات , ئەوە کەی کاری منە داوای کۆمەك بکەم بۆ ئەم کارە نەتەوەییە کەس ناتوانێت رێگر بێت , چونکە ئەوان دەولەتن و

شەرعیەتیان لەبەردەستدایە , تاکو دەوڵەتیش وەستابێت موداخەلەی شەرعییەتی زیاترە لە من و تۆو کاك ئەمیر و کاك عەلی و .... .

10- ئەوەی ئاگادار بم سەردانی وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانتان کردووە ، چی بۆ کردوون؟ چ جۆرە پشتگیریەکی بۆ دەستەبەر کردوون؟ هەڵویسّتی چی بووە؟

وەڵام : بەڵێ , بۆ ئەم کارە نەبوو , لەم کارە ئێمە باشتر هاوکاریانمان کردووە , بڕیاری دادگا لەسەر ئانرات کە کاك بەختیار عارف کردبووی بە کوردی پێشتر دام پێیان بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن لە دادگا " کاك بەختیار عارف لە دادگاکە ڕۆڵی مێژویی هەبوو , نابێت لە یاد بکرێت " , ئەنجامیشدرا , هەروەها دوو پرۆفیسۆریان بۆمان داوەتکرد بۆ شایەدی دان لەسەر تاوانکاران , وەکی دیکە داوای هیچمان نەکردووە لێیان بەفەرمی , بەڵام ئێمە لەگەڵ وزارەتی ناوبراو پەیوەندیمان باشە , هەرچەندە پشتگیری لەیاسای شەهیدان و ئەنفالکراوان ناکەین , پێشبینیش دەکەم لە داهاتوودا لەسەر شوێنی ناشتنی ڕوفاتی ئەنفالکراوان هەڵوێستی توندمان لە بەرامبەریان هەبێت , چونکە بۆچوونی ئەوان وایە ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە لە هەولێر بێت , ئێمەش پێمان باشە لە ناوچەی قورسایی قوربانیان بێت , کە بان مەقانی کەرکووکە , تەوزیف کردنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە بەرژەوەندی سیاسی کارێکی خراپە .

11- کێ کرێی پارێزەری بۆتان دابینکردووە ؟

وەڵام : ئەو بەشەی بەر ئێمە کەوتووە وەك ناوەندی چاك کە نزیك بە نیوەی کرێکەیە , خۆمان پەیدامان کردووە , بەشێکی زۆری کە نزیك بە سێچارەکی من پەیدامکردووە , بەشێکی زۆری دیکەی برادەرێك بەناوی کاك دلێر محمد دابینی کردووە , بەشەکەی دیکە کە زۆر لەوەی ئێمە زیاترە کۆماری ئیسلامی ئێران دەدیدات بە پارێزەرەکە , چونکە بەشی زۆری قوربانیان لە ئێرانەوەن , ئەمەش ئەشکالیەتێکی دیکەیە لە دادگاییەکە .

12- ئەگەر بەشی زۆری ئەو کۆمەکە تۆ کۆیدەکەیتەوە , ئەی بۆ پارێزەرەکە جێگەیەکت لە دادگاکە بۆ ناگرێت ؟.

وەڵام : خۆم هەوڵم بۆی نەداوە , لە لایەکی دیکەوە نازانم ئایا ئەوە بە پارێزەرەکە وتراوە یان نا ؟ من هەر ئەوە کارم بووە , چالاکیم ئامادە کردووە , هیچ کات نەچومەتە سەرمینبەر نەبوومەتە نوێنەر , ئەمەش با هەر وەك ئەوانەبێت , گرنگ کارکردن و زەمیر مورتاح کردنە , کاری خۆت بکە و لە دوور بووەستە , مێژوو چاوی تیژە هەموو شت دەبینێت .

13- بوونی یەك پارێزەر بۆ هەموو قوربانیان , لە لایەکەوە تەعامل لەگەڵ ئێوە دەکات , لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران , ئەمە بە کێشە نازانیت ؟

وەڵام : بۆ من گەورەترین کێشەیە , کە من بۆخۆم چەندین ساڵ لە کوردستانی ئێران پێشمەرگە بوومە , هەر ئەمەش دۆزەکە بچووك دەکاتەوە , دەبوایا یەك پارێزەر نەبوایا بۆ هەردوولا , من ئەمە بە سوکایەتی دەزانم , وەلێ چارەسەریش سانا نییە , من بە تەنیا بڕیار ناتوانم بدەم , ئەگەر پارێزەرمان جیا بوایا باشتر دەتوانرا ناسنامەی نەتەوەیی بە پرسی دادگاکە بدەین , با ئەمە ئەزموونێك بێت بۆ داهاتوو .

14- هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کاروباری ئەنفال و قوربانیەکانی ئەنفال هەتا ئیستا چ هەڵوێستێکیان هەبووە؟ هاریکاری هەیە لە نێوانتاندا؟

وەڵام : بە دەستپێشخەری ناوەندی چاك فیدراسیۆنێکمان درووستکرد لە 11 ڕێکخراو پێك هات , بەرپرسیارییەتییەکەشی بەر چاك کەوت ,بەڵام کە چالاك نەبوو و پوکایەوە , ئەوا سەرنەکەوتنەکەشی ئۆباڵەکەی بەر

چاك دەكەوێت , ئێمە لەگەڵ هەموویدا پەیوەندی باشمان هەیە , خۆمان بە هاوكاریكەریان دەزانیین نەك ئەلتەرناتیڤ , بەڵام وەك دەزانن لە دوای 21-8 ەوە زۆربەی موبادەرەكان لەو بوارەدا بەدەست چاكەوەیە , بۆیە تا ئیستا تا ئەم چركە ساتە چاك پێشەنگە لەو بوارە , وەلێ ئەم ڕێكخراوە سەربەخۆیانە , فرە بیركردنەوەو فرە ئاواز خوێندنی تێدایە , ئەگەر ئیفلیج نەكرێت ئەوا دەتوانێت ڕۆڵی باش بگێڕێت , ئێمە دەمانەوێت لە گەڵ هەموو ئەورێكخراوانە نەك دەستە خوشك بەڵكە یەك كار بین , ئەوەندە نزیك بینەوە تاكو توانەوە لە ناو یەكتردا .

15- بۆ ساڵێكی دیكە , یادێكی دیكەی هەڵەبجە و ئەنفال چیتان بە دەستەوەیە ؟

وەڵام : لە ئێستا هەڵمەتێكمان بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی گرنگی بە هەڵەبجەو ئەنفالی 20 بدرێت , خەریكی كاری گەورەین بۆی , سەرەتا بە پیشەنگایەكی ئارم بۆ ئەو یادە دەستی پێ دەكەین , كە ئارمی سەربەخۆت بوو تایبەت بوو بەو بیرەوەرییە ئەوا دەتوانیت زیاتر جەماوەر لە دەوری كۆبكەیتەوە .

لە كۆتاییدا سلاوم هەیە بۆ هەموو قوربانیان , ئێمە لە سایەی قوربانی ئەوانەوە ئەم شانازییەمان بەركەوتووە , سلاوم هەیە بۆ هەموو ئەوانەی سكاڵاكەر بوون لە دادگاییەكە , كاك عەلی ڕەحینی , دانیا خان , كاك ڕێباز , خزمانی سەردەشت , وەرگێڕەكان بەختیار عارف و حوسێن قاسم و شەوكەت دۆسكی , جارێكی دیكە كاك مارتین و عەگید و كریساتا و ئەمیر و عەلی ڕەحیمی و هەموو ئەوانەی جارێك لە جاران لە بەردەم هۆڵی دادگا ئامادە بوون , بە خوناوی كچیشمەوە , بە باوان ئەو مناڵەی داخیلەكەی لە دانماركەوە پێشكەش بە دادگاییەكە كرد .

تێبینی: ئەم بەشەی ئەم ریپۆرتاژە لە ژمارە 180ی ڕۆژنامەی (كوردستان راپۆرت) رۆژی سێشەممە 10ی نیسانی 2007 بلاوبۆتەوە..